# بەشێك لە نامەكانی رۆماننوسی گەورەی مەغریبی (محەمەد زەفزاف) بۆ (غەفور سالّح عەبدولاّ)....



***دارول بەیزا 1985/5/27***

ئازیز غ.سالّح عەبدولاّ

هێشتا ئەو دیدەنیەم لە گەلّتا لە بیرە،بێگومان لە گەلّ هەندێ كەسی دیكەدا كە لە ڤیستیڤالّەكەدا چاوم پییّان كەوت ولەبیرم نەماون،چونكی ژمارەی ئامادەبووان زۆر بوون.بە داخەوە هەموو ئیشەكانی خومم لە بەر دەستا نیە،تەنها ئەم دوو كتێبەم لەلایە كە بۆتی رەوانە دەكەم-★- گەرچی قورسە بیانكەیت بە كوردی ،چونكی ئەم جۆرە ئەدەبە بە هۆی ئەو كەشی كۆمەلاّیتیەی كە ئێوە لە رۆژهەلاّت تیا دەژین .بۆیە پێشنیاز دەكەم كە رۆمانی (شۆستە ودیوارەكان)بكەیت بەكوردی كە لە بلاّوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیریی عێراقە(1974)،یان رۆمانی (هەولّی ژیان) كە لەگۆڤاری (الاقلام)ی عێراقی بلاّوبووەتەوە 1980 ژمارەی تایبەت بە ئەدەبی مەغریبی ،ئەم رۆمانە ئێستا وەڕدەگێردرێتە سەر زمانی رووسی، هەر وەها رۆژهەلاّت ناسێكی دیكە رۆمانێكی دیكەم (ژن وگولّ) وەردەگێرێ وچاپێكی نوێی دەردەچێ،هەركە دەرچوو دانەێ یان دوو دانەت بۆ رەوانە دەكەم ئینشالاّ.

زۆر مەممنون دەبم ئەگەر چیرۆكی كوردیم بۆ رەوانە بكەیت.ئایا كوردەكانی دیكە جگە عێراقیەكان بە هەمان زمان دنووسن،مەبەستم لە ولاّتەكانی دیكە؟هەروەها دەمەوێ هەندێ شت بزانم دەربارەی ئایینی كورد.ئایا نزیكە لە شیعەوە یان لە سوونەوە یا مەسیحیە.؟

لە گەلّ رێزو وەفادا

***محەمەد زەفزاف..***

.....................

ئەو دوو كتێبەی بۆی نارد:

1- گوونە كەلّەشێر ،2-خانووە نزمەكان،بوو...یەكەمیان رۆمانە ،ئەوی دی كۆمەلّە چیرۆك بوو..

★★★★★★★★★★★★★★★

***دارول بەیزا 1986/2/17***

ئازیزم غەفور سالّح عەبدولاّ

بە سوپاسەوە دوو كیتابەكەم پێ گەیشت كە بۆت رەوانە كردبووم ،دووایی بە ووردی دەیانخوێنمەوە..

چونكی ئێستا زۆر سەرقالّم خۆم ئامادە دەكەم بۆ موحازەرەیەك لە پاریس لە سەر بانگێشتی (civp)وە،

بەری سێ رۆژ لە پایتەخت بووم بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆدەرچوون لە ولأت،هەروەها چاوەرێی پلیتی سەفەر دەکەم،هەر لە گەرانەوەم لە عێراق نەگەیشتم بەرێکەوتن ،بۆم نووسین کە بانگێشتەکە دوابخەن،چونکی بەسەر بردنی دوو هەفتە لە عێراق ماندووی کردم،چونکی من لەو بەیکگەیشتنانە رانەهاتووم،من تەقسی رۆژانەی خۆم هەیە،مومارەسەی تەئەموول دەکەم بۆچەند سەعاتێك ونامەوێ کەس ببینم ،هەروەها نووسینی رۆژانە،ئەو شتەی کە لە بەغدا لێی بێبەش بووم تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە وەلأمدانەوەی نامەیش هەبووبێ..

ئەوەتا بە خۆت دەبینی هەموو کەسێ هاجسی تایبەتی خۆی هەیە..ئەگەر چیرۆکی منت کرد بە کوردی بۆمی رەوانە بکە،

لەگەڵ دلسۆزی و وەفادا

***محەمەد زەفزاف***

***************

***دارول بەیزا 1986/7/18***

***ئازیزم غەفور ساڵح***

ماوەیەکە لە فەرەنسا گەڕاومەتەوە،بانگێشتێکی دیکەم بۆ هات لە ئیسپانیاوە نەمتوانی سەفەر بکەم،لەوانەیە بگەرێمەوە بۆفەرەنسا لە نۆڤەمبەری داهاتوو،بە بانگێشتی یەکێك لەدامەزراوەکانی گرۆنۆبڵ،بەلأم هێشتا بۆم نەنووسیوون و ئەو عەرەبە ناسراوانەی بەشداری دەکەن ئەلبەیاتی و دەروێش وئەدۆنیس وعەبدول لەتیف ئەل لعێبی و تاهیر بن جەلوون و ئەوانی دین..هەروەها شاعیرانی بیانی لە هەموو ولأتانی دنیاوە. لە بارەی بلأوکردنەوەی (هەولی ژیان) پێم وایە ئەگەر مەسەلەکە بە دەستی حەمید سەعید بێ من نامەی بۆ دەنووسم لەم بارەیەوە ،کە پەیوەندی بکات بە معەلەوە،چونکی ئەم بە تایبەتی دەعوەتی کردم جاری پێشوو بۆ سەردانی ولأتە ئازیزەکەتان.سەبارەت بەو دووکتێبە کوردیە من بەڵێنت نادەمێ کە لەسەریان بنووسم ،چونکی ئەمە لە پسپۆرایەتی مندا نیە،دەمێکە لە نووسینی لێکۆڵینەوەی رەخنەیی وازم هێناوە،تەنانەت ئەو عەرزەش کە لە پاریس پێشکەشم کرد کورتەیەك بوو زۆر کورت بوو،بۆ ئەوەی خۆم لە هەموو حەساسیەتێك دوور بگرم،هێشتا ئەو عەرزەم ماوە کە ویستم لە ئیسپانیا پێشکەشی بکەم بۆیە هەرگیز رازی نەبووم کە بلأوی بکەمەوە،سەرەرای ئەوەی برادەرێکم مراوەغەم لەگەڵ دەکات تا بیدەمێ.داوای لێبووردن لە تۆو برا کوردەکان دەکەم کە ئەو ژمارەیەی (الاقلام)کە تایبەت بوو بە ئەدەبی کوردی لێم وون بوو.لەم دواییە هەندێ شیعری عێراقیم کردە فەرەنسی.لە بیرمە کە لەو ژمارەیدا شیعری جوانم خوێندەوە،هیوام وایە یەك دوو لەو شیعرانە بکەمە فەرەنسی،ئەگەر دەکرێ ژمارەیەکی دیکەم بۆبنێرە.

(نانی رووت) لەلام نیە،لەبازاریش نیە،تەنها دوو دانەی فەرەنسیم لایە،نامە بو( محەمەد شوکری) بنووسەو وپێی بڵێ کە من ناونیشانەکەی ئەوم داویتێ:

***س.پ:179***

***تەنجە***

***مەغریب***

***********

***دارول بەیزا 1986/9/22***

***برا غەفور ساڵح عەبدولأ***

سلأوێکی گەرم

بە سوپاسەوە ئەو دەقە ئەدەبیە کوردیانەی بۆت ناردبووم پێم گەیشتن ،لە راستیدا بەشێوەیەکی باش نەمخوێندنەوە ،بەڵکو خوێندنەوەیەکی خێرا بوو لە گەڵ دەقەکەی خۆشتدا..جارێکی دیکە دەگەرێمەوە سەر ئەو دەقانە دوای ئەوەی لە هەندێ کاروباری ئەدەبی دەبمەوە،دەشبێ ئەگەر بۆم لوا هەڵبژاردەیەکی عێرا ڤی دەرکەم دەبێ دوو سێ شاعیری کوردی تیا بێ،گەرچی وەرگێرانی شیعر

قورسە،لە گەڵ هەموو ڕێزێکمدا وەرگێرانەکان لە کوردیەوە بۆ عەرەبی هەندێ جار لاوازن،بە هەر حاڵ کەمال تەنها بۆ خوایە، ئەمەیش کێشەی وەرگێرانە لە هەموو زمانەکاندا،هیوام وایە بەردەوام بیت لە وەرگێرانی (هەولی ژیان)،ئەگەر لە یەکێتی سۆڤێتەوە بانگ بکرێم ناتوانم لە بەغدا بم،گەرچی سەردانی گرۆنۆبڵم هەڵوەشاندەوە چونکی ڕێکەوتی ڤیستیڤاڵی مەربد دەکات

سلاوم بۆ هەموو برایان و پتر داهێنان

***دڵسۆزت***

***محەمەد زەفزاف***

***************

***دارول بەیزا 1986/10/30***

***ئازیز غەفور ساڵح عەبدولا***

پۆستەی عەرەبی ..کەسێك نامەی تۆی بۆهێنام چونکی بە هەڵە کەوتبووە ناو سەنووقی پۆستەی ئەوەوە،لە بیرم نیە ئایا کە نامەم بۆت نووسیووە یا نا،چونکی من ڕێك وپێك نیم وسکرتێرەشم نیە تا کارو بارم ڕێکبخات ،قەیناکە،سەبارەت بە محەمەد شوکری ئەو تەمبەڵە دەتوانی پەیوەندی پێوەبکەیت لە مەربەدی داهاتوو،لەم بارەیەوە نامەیەکم بۆ نووسی تا لە ریبات داوەتنامە وەرگرێت لە سەنتەری ڕۆشنبیری عێراقی .بەلام سەبارەت بە بلاوکردنەوەی (هەولی ژیان) دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە حەمید سەعیدەوە پێی بڵێ کە من بۆتم پێشنیاز کردوە,دوو شیعری وەرگێردراوم بۆ نارد وشیعرێکی دیکەش لە گەڵ وەفدی عێراقی کە بەم دواییە لە مەغریب بوون،بەلام دەزانم ئەو ئێستا لە سەردانی لەندەن و پاریسە. هیوا خوازم بەم نزیکانە لە بەغدا چاومان بە یەك بکەوێت تا ئەم کێشەیە چارە بکەین.لەوانەیە لە18ی ئەم مانگە ئینشالا لەوێ بم لە سەرەتای دیسەمبەر،دواجار بانگیشتێکم هەیە بۆ ئۆتریێخت لە هۆلندا لە16ی مانگەوە،ئیتر نازانم کات دەرفەتم دەدات بۆ تەدبیر کردنی سەفەر وەکو ڤیزە وتەحویل دان..

لەگەڵ شانازی ورێزدا

محەمەد زەفزاف............هێشتا شیعری شاعیرانی کوردم وەرنەگێراوە وابزانم پێویست دەکات چاوم پێیان بکەوێت ،تا بیرۆکەیەك دەربارەی بزووتنەوەی شیعریان وەرگرم..

***************

***دارول بەیزا 1986/12/27***

***ئازیز ،غەفور ساڵح عەبدولا***

سالێکی بەختیار

هیواخوازم تەندروستیت باش بێ چونکی دەزانم تەنها خاوەنەکەی هەست بە ئازاری نەخۆشی دەکات ،خوا شفات بدات مرۆڤ لاوازە لەم جیهانەدا، بێگومان لە بەغدا پرسیارتم کرد لە جێگری سەرۆکی نوسەرانی کورد و حەسەب شێخ جەعفەرمان لەگەڵ بوو وئاگادار نەکرابووم کە تۆ نەخۆشی .بۆ بلاوکردنەوەی رۆمانەکە هەوڵ بدە پەیوەندی بکەیت بە محسن موسەویەوە.

تائێستا هیچی تازەم بلاونەکردۆتەوە،بەلام لای ئێوە وەرگێرانەکەم بۆ رۆمانی (کنۆلب)ی هیرمان هیسە دەرچووە بەری دوو مانگ.

بەری دوو هەفتە لە هولەندە هاتمەوە،بەشدایم کرد لە دیدارێکی ڕۆشنبیری لەوێ. سەفەرەکەمم دواخست بۆ یەکێتی سۆڤێت بۆ مانگی ئەبریل یان مایس.

هیوای تەندروستیەکی تەواوت بۆ دەخوازم.

**محەمەد زەفزاف**

.....................................................

**محەمەد زەفزاف:لە ساڵی 1945 لە سوق الاربعاى رۆژاوا لە دایك بووە ، مامۆستای دواناوەندی بوو لە دارول بەیزا،رۆژی هەینی 13 حوزەیرانی 2001 كۆچی دوایی كرد..**

**محەمەد زەفزاف بە خەلاَتێك رێزی لێنرا كە بووە خەلاَتێكی ئەدەبی هەمووسێ ساڵ جارێك پێشكەش دەكرێت لە ڤیستیڤاڵی ئەسیڵەی رۆشنبیریی نێو دەوڵەتی لە مەغریب..ساڵی 2002 رۆماننوسی سوودانی تەیب ساڵح وەریگرت ساڵی 2005 ئیبراهیم كونی لیبی وەریگرت...**

**بەرهەمەكانی زەفزاف:**

**1-دیالۆگ لە شەوێكی درەنگ:چیرۆك ،دیمشق 1970**

**2-ژن و گوڵ:رۆمان بەیرووت 1972**

**3-شۆستەودیوارەكان:رۆمان بەغدا 1974**

**4-خانووە نزمەكان : چیرۆك،،، دارول بەیزا 1977**

**5-گۆری لە ئاو:رۆمان، تونس 1978**

**6- بەهێزتر :چیرۆك دیمەشق 1978**

**7-مارودەریا:رۆمان،دارول بەیزا1979**

**8-درەختی پیرۆز:چیرۆك بەیرووت 1980**

**9-قەرەج لە دارستانەكە:چیرۆك بەیرووت 1982**

**10-گوونە كەڵەشێر:رۆمان دارول بەیزا 1984**

**11-هەوڵی ژیان: رۆمان تونس 1985**

**12-پاشای جنۆكە:چیرۆك دارول بەیزا 1988**

**13-فریشتەی سپی:چیرۆك قاهیرە 1988**

**14-ئەو رێویەی پەیا دەبێ و وون دەبێ:رۆمان،دارول بەیزا 1989**

**15-گالیسكە:رەبات 1993**

**هەروەها سەرجەم كارە ئەدەبیەكانی لە لایەن وەزارەتی كاروباری رۆشنبیریی مەغریبیەوە دەرچووە ساڵی 1999.**

***كۆمەڵ چیرۆكەكانی بە دوو بەرگ**

***سەرجەم رۆمانەكانی بە دوو بەرگ......**

********************